# ئیعدام به (سیاسەت تا مردن)

نووسینی:موئەیەد مەحمود(کاردۆ)
Kardo_van@yahoo.com

با چیتر شاعیرەکان شیعر نەنووسنەوە،با چیرۆك نووسەکان دەست لەو پیشەیە هەڵگرن،نیگارکێشەکان ،کاتی خۆتان بەو تابلۆیانەوە خەرج مەکەن کە لە پاش کێشانیان تەپ و تۆز ماکیاژیان دەکات.
ئاخر شیعر گوناحە بنووسرێتەوە ئەگەر کەسێك نەبێت بەدەم خوێندنییەوە بە باڵی ئەو بفرێ و بە ئیقاعەکەی بێتە سەما و بە مۆسیقاکەشی گۆرانی بچڕێت.چیرۆك بۆ کێ بنووسرێتەوە؟ ئەوانەی چیرۆکیان بۆ دەنووسینەوە خۆیان ڕۆژانە دەبن بە پاڵەوانی ئەو چیرۆکانەی کە چیرۆك نووسەکان خەتا دەکەن ئەو هەموو ماناو فەلسەفەیەی لەواندا هەیە لەسەر کاغەزەکاندا بکوژن.تابلۆ بۆ کێ درووست دەکەیت کە نیشتیمان خۆی گەورەترین تابلۆی سوریالی بێت و نە کەس لێی تێبگات و نە کەسیش زاتی کردنەوەی شەفرەو کۆدەکانی بکات؟ئەفسوس ئێمە نەکاتی خوێندنەوەی شیعرمان هەیە و نە کاتی بەسەر کردنەوەی چیرۆك و نە تەئەمولیش لە تابلۆیەك کە بە زمانی ئێمە دەدوێت.ئێمە هەموومان سیاسەت دەکەین ، ئەوانەی قەرارمان داوە کە سیاسەت بکەین، ئەوانەش کە قەرارمان نەداوە.سیاسەت لە هەموو جێیەك لە زانکۆ ،لە مزگەوت، لە یاریگاکان، لە مەیدانەکانی وەرزش، لەچاخانەکان. ئەفسوس هەڵە بجەو کەلار و زاخۆ ناهێڵن لەگەڵ شیعرێکی هیوا قادردا پێکێك بخۆینەوە، ئەفسوس سامەراو ڕومادی و تەلەعفەر هەموو ڕۆژێك چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەنمان لە دەست دەرفێنن و ناهێڵن بۆ سەعاتێك خەڵوەتیان لەگەڵدا بگرین.
هەموو بۆ کۆڕی سیاسەت کورینە، هەموو بۆ کۆڕی سیاسەت کچینە، با ڕۆژنامەکان تژی بکەین لە بابەتی سیاسی بە پێز و بێ پێز، هەروەك کردوومانە، با لە ڕادیۆکانەوە لە تەلەفزیۆنەکانەوە لە مزگەوتەکانەوە سیاسەت بە خوا بفرۆشینەوە ،سیاسەت بە هاوڵاتی بفرۆشینەوە، سیاسەت بە خۆمان و بە مێژوو و بە ئێستاو بە ڕابردوو بفرۆشینەوە.با دوو گۆڵی بۆ سیاسەت بکەین هەروەك کردوومانە، با هونەرمەندەکان خەریکی هونەری سیاسی و ئەدیبەکانیش خەریکی ئەدەبی سیاسی و وەرزشکارەکانیش سەرقاڵی وەرزشی سیاسی بن هەروەك کردوومانە، هەموو شتێك لە پێناو سیاسەت و سیاسەتیش لە پێناو هیچ کەس.
هەندێك جار دوو دڵ ئەبم لە نووسینی بابەتێکی سینەمایی،دەترسم خەڵکانێك بە شێتم بزانن.ئاخر من نازانم بۆ کێ دەنووسم .ئاخر ئێمە فلیمەکانمان بۆ خۆمان درووست ناکەین،ئێمە فلیمەکانمان بۆ ئەوە درووست ناکەین تا بەشداری بکەین لە خستنە ڕووی گرفتەکان و دۆزینەوەی ڕێگا چارەکانیان ،یان بۆ گواستنەوەی بیر و باوەڕەکانمان بە بینەر، یان لە خراپترین حاڵەتدا بۆ چیژ گەیاندن بە بینەر .ئێمە فلیمەکانمان بۆ خۆمان درووست ناکەین .ئێمە هەر کە فلیمەکانمان تەواو بوو یەکسەر دەیان فڕێنین بۆ کان و بۆ ئۆسکار و بۆ میهرەجانی بەرلین وئەوانی تر.ئێمە هەموو بینەرانی خۆمان بە خەڵاتێکی میهرەجانی کان سەودا ناکەین.ئەمە چ قەدەرێکە وا دەکات ئێمە فلیمە کوردیەکان  لە سەر زاری ڕەخنە گرەسینەماییە

**بیانییەکانەوە ببیستین ،ئێمە ئەو فلیمانە قەدەرێك پاش بینەریکی رۆژئاوایی ببینین؟،ئەو فلیمانەی قەرارە ئازارەکانی ئێمە ،گرفتەکانی ئێمە، تورەیی و گریان و پێکەنینەکانی ئێمە بگێرنەوە.ئەمە چ قەدەریکە وا دەکات ئێمە گرفتەکانی خۆمان بکەین بە فلیم و رەوانەی دەرەوەی بکەین؟ئەمە قەدەرە بەلام قەدەریکی سەیر نییە .ئەوەتا لە ولاتێك کە ئەگەر نەوتەکەی لەسەر زەوی بوایە لافاوی نەوت دەیبرد،تاکەکانی لە زستاندا چەقەی دانیان دێت.ئێمە لە سینەماشدا سیاسەت دەکەین ،ئێمە لە دەرەوەی ولاتەوە کەسێك دەهێنین و ملیۆنەها دۆلار دەخەینە بەردەستی بۆ ئەوەی خزمەت بە حیزبێکی سیاسی بکات.ئێمە فلیمی سینەمایی درووست دەکەین و شوێنێك نییە بۆ نیشاندانی ،رەخنەی سینەمایی بۆ کێ بنووسین ،کێ دەیان خوێنێتەوە؟کێ شیعرەکان بخوێنێتەوە، کێ چیرۆکەکان بخوێنێتەوە، کێ هونەر بە نرخی هونەر بکرێ کە ئێمە هەمووومان بە ئیعدام بە سیاسەت تا مردن، حوکم درابین؟**

2006-3-17